## ساتە هەواڵ

## ئامادەکردنی کوردستان نێت

جاک شیراکی فەرەنسا تەنها لە لابردنی سەددام سڵی نەدەکردەوە، بەڵکوو لە لەچک و ئەمڕۆش لە کۆبوونەوە.
بەپێی هەواڵەکانی BBC ڕێگە بە هیچ جۆرە کۆبوونەوەیەک و ڕێپێوانێک نادرێت لە کاتژمێری 7 بەیانی ڕۆژی شەممەوە تاوەکو 7 بەیانی ڕۆژی یەکشەممە.
شایانی باسە کە ئەو هەرایە تەنها گەڕەکە هەژارەکانی گرتبۆوە سەرەتا لە پاریس و پاشان تەشەنەی سەند بۆ شارەکانی تر.

گۆڕەبەکۆمەڵەکان تەنها دەستکردی سەرب نەبوو، دەسەڵاتە داڕوخەوەکەی سەددام زۆر لە پێش ئەوانەوە ئەم کارەی کردووە.
ساتەهەواڵەکانی ئەمڕۆ وا ڕەدەگەێنێت کە بەعسی جێلەقی شێرە بودەڵەکەی سوریا لە ساڵی 1990 وە یازدە ئەفسەر و قەشەیەکی لوبنانی پێکەوە لە چاڵ ناوە.
ئەم گۆڕە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئاشکرا کراوە و بەوەدەچێت کە پەلە بدات بە هەنگاوی ڕامالینی دەسەڵاتی سوریا.
تەواوی وڵاتانی جیهان زۆر بە جۆشەوە چاوەڕوانی ئەنجامی ئەم ڕوداوانە دەکەن.

عیزەت دووری کۆچی بێ دوایی کرد. . . بەرەو دۆزەخ
دوێنێ هەواڵی کۆچی بێ دوایی دووری لە لایەن پاشماوەی بەعسی هەڵوەشاوە ئاشکرا کرا.
ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕاکێشە، دوری یەک لەو تاوانبارەنەیە کە ناوی لە لیستی 55 کەسەکەدایە و هەتا کاتی نەمانی دەستگیر نەکرا، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ زەحمەتی دۆزینەوەی، هۆی ئەمیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر لە هەر جێیەک ببینرایە نەدەناسرایەوە چونکێکم دوری لە (صۆندە) ئەچێت.